*Journal of Language Studies.* **Vol.7, No.4, 2023, Pages (198-213)**
**DOI: https://doi.org/ 10.25130/lang.7.4.10**

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Anaalysis of the text of Sabris poem(Mercy that one breth), of Sabri according to the path of unity.

**Avin Abdulqadir Khalifa** *
**College of Education,University of Charmo,Chamchmal,KurdistanRegion,Iraq.**
avin.abdulqadir@charmouniversity.org
**&**
**Diar Mardan Mhamad**
**College of Education,University of Charmo,Chamchmal,Kurdistan Region,Iraq.**
diar.mardan@charmouniversity.org

**Received:** 12 / 7 /2023 , **Accepted**: 27 / 8 /2023, **Online Published: 31 / 12 / 2023**

© This is an open Access Article under The Cc by LICENSE
http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

## Abstract

This paper is an analysis of the text of the poem (Mercy which one breath) of (Sabri), which consists of two parts in the first part we highlighted a brief about ( Sabri) and the political and social conditions of the poets time, especially in the late nineteenth and early twentieth centuries (Sabri) is as a sufi poet, he has always sought divine love, he is considered the classical poet of Kirkuk. he followed the path of Nali and saleem for Kurdish,he chose the title (Sabri) in has poems, he was a poet who always tried to kill himself in order to attain divine love, in the second part, we will practice some of our analytical methods for the text of the poem of (Mercy that is one breath) of (Sabri) has presentend .

* **Corresponding Author**: Avin Abdulqadir , **Email:** avin.abdulqadir@charmouniversity.org
**Affiliation**: Charmo University - Iraq

We have found that the poet in this poetic text he had a special mindset and a real experiment in addition, the poet used a mixture of Kurdish, Arabic and Parian.
He wrote his poems in the Sorani dialect ,his poetic images have been duties creative, they have a special rhythm and melody, in terms of weight and over head.he used more weights for adversity for example, a(15)point weight, we have tried to look at this poetic text critically the poet is at the end of his life in this poetic text he mixes the pain of Kurdistan's situation at the hands of the in readers with a love that is addicted to the in fidelity or betrayal of the in readers, then he returns to a divine love. Finally, we have reached some conclusion of the study.
**Keywords:** analysis ,patience ,text ,poetry, mercy that one breath.

# تحليل نص قصيدة صبري(الرحمة التي هي نفس واحد)، على وفق طريق الوحدة

ا.م.أفين عبدالقادر خليفة

**جامعة جرمو جمجمال _ كلية التربية _ قسم اللغة الكردبية**

و

ا.م.ديار مردان محمد

**جامعة جرمو جمجمال _ كلية التربية_ قسم اللغة الكردبية**

## المستخلص

وهذا البحث عبارة عن تحليل للنص قصيدة (الرحمة التي هي نفس واحد) وهو يتألف من جزأين، وقد أبرزنا ذلك في الجزءِ الأول نبذة مختصرة عنه صبري،والوضع السياسي و والأجتماعي في زمن الشاعر خاصة في أواخر القرن التاسع عشر و أوائل القرن العشرين،صبري معروف بأنه شاعر صوفي،يسعي دائماً إلي الحب الإلهي،يعتبر آخر شاعر كركوك الكلاسيكي الذي سار علي طريق (نالي و سليم و كردي)اختار لقب (صبري)في قصائده ،لقد كان شاعراً يحاول دائماً قتل نفسه من أجل تحقيق الحب الإلهي. وفي الجزء الثاني عرضنا عدة أساليب تحليلية لنص قصيده صبري (الرحمته نفس واحد)،وقد وجدنا أن للشاعر فكراً خاصاً وتجربة حقيقية في هذا النص الشعري وبالإضافة إلي ذالك ،استخدم الشاعر مزيجا من الكردية و العربية و الفارسية،وكان يكتب قصائده ،باللهجة الصورانية،صوره الشعرية مبدعة تماماً،لها إيقاع ولحن خاص،من حيث الوزن والطول،استخدم الكثير من الأوزان التي تكون للمواقف الصحبة،مثلاً الوزن (15)نقطة،لقد حاولنا أن

ننضد إلي هذا النص الشعري نظرة نقدية،ففي هذا النص الشاعر في نهاية حياته،ألم الوضع في كردستان علي يد الغزاة ممزوج بالحب المدمن على خيانة الصديق و لقد كانت خيانة الغزاة،ثم يعود إلى الحب الإلهي الحقيقي، وأخيرا، توصلناإلى بعض الاستنتاجات .

**الكلمات الدالة:** التحليل،الصبري،النص،الشعر،الرحمة التي هي نفس واحد.

# شیكردنه وه بۆ ده قی شیعری (مەرحەمەت كه یەك نەفەس)ی صابری, به پێی ڕێبازی یەكدگیری

**م.ی. ئەڤین عەبدولقادر خەلیفه**

بەشی زمانی كوردی/كۆلێژی پەروەردە/زانكۆی چەرموو،چەمچەماڵ،هەرێمی كوردستان،عێراق

.

**و**

**م.ی.دیار مەردان محەمەد**

.بەشی زمانی كوردی/كۆلێژی پەروەردە/زانكۆی چەرموو،چەمچەماڵ,هەرێمی كوردستان،عێراق

## پوختە:

ئـــەم توێژینەوەیـــە شـــیكارییە بـــۆ دەقـــی شـــیعری( مەحەمـــەت كـــە یـــەك نەفـــەس)ی صـــابری،كە لـــە دوووبـــەش پێكهاتووە،لەبەشـــی یەكەمـــدا تیشـــكمان خســـتۆتە ســـەر كورتەیـــەك دەربـــارەی صـــابری و ئـــەو بارودۆخـــە سیاســـی و كۆمەڵایەتییـــەی ســـەردەمی شـــاعیر بەتایبـــەتی كۆتایـــەكانی ســـەدەی نـــۆزدەو ســـەرەتای ســـەدەی بیست،صـــابری بـــە شـــاعیرێكی ســـۆفییزمی دەناسرێت،هەمیشـــە بـــەدووای عەشـــقی خواییـــدا وێڵبووە،بـــەدووا شـــاعیری كلاســـیكی ســـنوری كـــەركوك دادەنرێـــت ،كەپـــەیرەوی ڕێچكـــەی نـــالی و ســـالم و كـــوردی كردووە,نازنـــاوی (صـــابری) لـــە شـــیعرەكانیدا هـــەڵبژاردووە, شـــاعیرێك بـــووە هەمیشـــە هـــەوڵی كوشـــتنی نەفســـی خـــۆی داوە لـــە پێنـــاو گەیشـــتن بەعەشـــقی خوایی،لەبەشـــی دووەمـــدا بەشـــێوەیەكی پراكتیكـــی چەنـــد ڕێبـــازێكی شـــیكاریمان بـــۆ دەقـــی شـــیعری (مەحەمـــەت كـــە یـــەك نەفـــەس) ی صـــابری خســـتۆتەڕوو،بۆمان دەركـــەوتووە شـــاعیر لـــەم دەقەشـــیعرییەدا خـــاوەن ئەندێشـــەیەكی تایبـــەت و تاقیكردنەوەیـــەكی ڕاســـتەقینە بووە،ئەمەجگەلـــەوەی شـــاعیر زمـــانێكی تێكـــەڵ لـــەكوردی وعـــەرەبی و فارســـی بـــەكارهێناوە،وە بـــە دیـــالێكتی ســـۆرانی هۆنراوەكـــانی نوســـیوە،وێنە شـــیعرییەكانی تاڕادەیـــەك

داهێنەرانەبوونـــە،خاوەن ڕیـــتم و ئـــاوازێکی تایبەتن،لـــەڕووی کـــێش وســـەرواوە ئـــەو کێشـــانەی زیـــاتر بـــەکارهێناوە کـــە بـــۆ حاڵـــەتی ناخۆشـــییە بـــۆ نموونـــە کێشـــی(15)بڕگەیی،هـــەوڵمان داوە بەشـــێوازێکی ڕەخنـــەی بڕوانییـــە ئـــەم دەقەشیعرییە،شـــاعیر لـــەم دەقـــەدا لەوپـــەڕی کۆتاییـــەکانی تەمەنیدایـــە، ئـــازاری بـــاروودۆخی کوردســـتان بەدەســـت داگیرکەرانـــەوە تێکـــەڵ بـــە عەشـــقێك دەكـــات کـــە گیـــرۆدەی بێوەفـــایی یـــارو خیانـــەتی داگیرکـــەران بووە،پاشـــان دەگەڕێتـــەوە بـــۆ لای عەشـــقێکی ڕاســـتی خـــوایی, لەکۆتایـــدا گەیشـــتووین بـــە کۆمـــەڵێك ئـــەنجامی توێژینەوەکە.

**کلیلە وشەکان: شیکردنەوە،صابری،دەق،شیعر،مەرحەمەت کە یەك نەفەس.**

## پێشەکی:

هەروەك دەردەکەوێت لەکۆی دیوانەکەی شاعیری هەست ناسك (صـابری) بیرێکـی سۆفیزمیانە و تێکـــەڵکردنی ئـــەوینێکی مـــەجاجی نـــاوەڕۆکی ســـەرجەمی هەڵبەســـتەکانی (صـــابری) داگیرکردووە،هەڵبەتە هەر شاعیرێکیش شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ دەربڕینـی ئـەو بابەتـەی کە لەناخیدا چەکەرەی کردووە و دواتر هەڵیدەڕێژێتـە سـەر پـەڕەی کاغـەزو بەردەستی خوێنـەران, سەبارەت بە شیعرەکانی (صابری) دەتوانین بڵێین هـەمان ڕێچکـەی شـاعیرانی کلاسیکی وەکـو نـالی وسالم وکوردی هەڵگرتووە و لاسایکردنەوەیەکی کلاسیکیانەیە, هـەر لـەڕووی تـەوزیفکردنی زمـان و سازاندنی وشەو زاراوەکان و دواتـر بیرۆکـەو ئەندێشـە و مۆسیقای شیعری پڕاو پڕ شـاعیرێکی پـەیڕەویکاری کلاسیکییە و هـەروەها بەدیـدێکی سۆفیزمیانەی شـاعیریانە هۆنراوەکـانی دارشتووە, چونکە بەکارهێنانی زۆر زاراوە کە بەڵگەن لەسەر بیری سۆفیزمانەی شـاعیر و شـاعیرانی سۆفی پێیدەناسرێنەوە, دواتر لەڕێگای تێکەڵکردنی خۆشەویستی ئافرەت و پاشان گەیشتن بـە خۆشـەویستی ڕاستی و خواییی دیمەنێکی تری شاعیرانی سۆفیزمی و لای (صـابری)ش بـوونی هەیـە ,کۆمـەڵێك بەرهـــەمی بەســـوودو بـــەرزی خســـتۆتە بـــەرچاوو کـــەجێگای تێرامـــان و بایەخدانـــە.

## ناونیشانی توێژینەوەکە:

بریتییە لە شیکردنەوە بۆ دەقی شیعری(مەرحەمەت کە یەك نەفەس)ی صابری،شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی دەقێکی شیعری صابرییە.

**میتۆدی توێژینەوەکە** :-لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری-ڕەخنەیی بەکارهاتووە,لە چوارچێوەی زمان و ئەدەبی کوردیدایە.

**گرنگی توێژینەوەکە**:-گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە چێژێکی تایبەت دەبەخشێت بە خوێنەر،وادەکات بە چاوێکی ڕەخنەیی لە ناوەڕۆك و فۆڕمی هەر دەقێکی شیعری بڕوانین و باشتر لە مەبەستە سەرەکییەکەی شیعر تێبگەین.

**پەیکەری توێژینەوەکە**:-ئەم توێژینەوەیە لە پوختەو پێشەکی و دووبەش پێکهاتووە،لەبەشی یەکەمدا کە لە تەوەرێك پێکهاتووە، تیشك خراوەتە سەر کورتەیەك لە ژیان و بەرهەمەکانی (صابری)،لە بەشی دووەمدا کە لە دوو تەوەر پێکهاتووە لە تەوەری یەکەمدا باسمان لە ڕێگاکانی شیکردنەوەی شیعر لە ڕووی زمان و ئەندێشەو ئاواز و ڕیتم و تاقیکردنەوەی شیعرەوە کردووە هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕەگەزانەی شیعردا لە تەوەری دووەمدا شیکردنەوەمان بۆ فۆڕم و ناوەڕۆکی دەقی شیعری( مەرحەمەت کە یەك نەفەس) ی صابری کردووە.

بەشی یەکەم:

تەوەری یەکەم:کورتەیەك دەربارەی(صابری) و ژیان و بەرهەمەکانی :

صابری ناوی نەجمەدین شێخ عبدالڕەحمانی کوڕی شێخ محموودی قوتبی شۆریجەی قەرەحەسەنی کەرکوکە و لەساداتی بەرزنجەیە، لەساڵای1200ك بەرانبەر1881- 1882 لەگوندی شۆریجەی قەرەحەسەن هاتۆتە دونیاوە.

ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئاینی و کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی و سۆفیگەرین، شیعری بۆنە ولاواندنەوە و ستایشیشی پیاوچاکانیشی هەیە,بەدواشاعیری کلاسیکی کوردی سنوری کەرکوك دادەنرێت کەپەیڕەوی کلاسیکی کردبێت ,بۆنموونە مەلا عبدالکەریمی مودەریس لەبارەیەوە دەڵێت:(یەکێکە لە شاعیرە بەرزەکان و ئەدیبە گەورەکانی دووا چووڕی ئەدەبی کۆنی کورد)،وەکو شاعیرێکی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم ،لە ناوچەی کەرکوکدا وەکو شاعیرێك لە خانەی دەستەی شاعیرانی کرمانجی خوارووە دەبیینینەوە,لەشیعردا نازناوی (صابری)بۆ خۆی هەڵبژاردووە ،لە ڕۆژی1944/2/19ز کۆچی دوایی کردووە.(لەتیف،200969-72-73)

هەرسەبارەت بە نازناوی شاعیر وشەی (صابری-صابر) لە شوێنی جیاجیادا بۆ مەبەستی جیاواز دووبارە کردووەتەوە،بۆنموونە لە(38)غەزەلیدا نازناوی خۆی دووبارەکرووەتەوە هەروەکو لە شیعری(نامورادی)لە چواردێڕی کۆتایدا ئەمە دەبینین کە دەڵێت:

**(زیکروفیکری ئەهلی دونیا نان و ئاشە(صابری**

**یەعنی چی خۆ دوژمنیشیانە لە ئەسڵا نان وزاد**

**لەم نەخۆشی بێ دەوایە داد ڕەس(صابر)خودایە**

**هیمەتێکە پایە بێمەوە سەر ڕێی ڕەشاد**

**صابری)عومرت بە زایع دا ئیتر وریاوە بە)**

**عومری ڕابردوو قەزاکە بێرە سەر ڕێگەی ڕەشاد**

**صابری)دونیا لە تۆ بێزارە ئەمما مەیلی تۆ)**

**هەر لەسەر ئەو ماوە بۆیە ناگری ڕێگەی ڕەشاد**.(هاوکار،2017: 150 )

صابری باشترین نازناوی بۆ خۆی هەڵبژاردووە،ناوی (صابری) ناوێکە مافەکەی پێداوە،چونکە دەناڵێنێت بە دەست ئاستەمەکانی سەردەمەوە کەوا هیچ مرۆڤێکی ئارامگر(صابر)ڕووبەڕووی نابێتەوە،لەو تەڵەکەبازییەی کە لە ژیاندا هەیە.(عبدالجبار،2014: 68-69)

زۆربەی شیعرەکانی سەبارەت بە جوانی و ئەوین و خواناسی و سۆفیەتیە.(سدیق بۆرەکەی،2008،ل746),لای صابری خۆشەویستی و تەسەوف دووبابەتی تێکەڵاون و ئاوێتەی یەکترن،چونکە خۆشەویستیەکەی مەعنەوییە بیری ئاینی و جوانی خودایی تێیدا ڕەنگی داوەتەوە(لەتیف،2009،ل85)، بۆنموونە (صابری) لە زۆرێك لە شیعرەکانیدا دەیەوێت لەڕێگای کوشتنی نەفسی خۆیەوە بگات بە پلەیەك کە لە ڕێگای تێڕامان و قوڵبوونەوە بگاتە خواناسی ڕاستەقینە،هەروەکو دەڵێت:

**برا شێتی بەسە عەقڵێ پەیاکە**

**لە خولق و خوی حەیوان خۆت جیاکە**

**دەمێکە وا ئەسیری نەفسی نزمی**

**وەرە حەربێ لەگەڵ نەفس و هەواکە**.(لەتیف،2009 :143)

صابری) لەچەندەها بەیتی تری شیعریدا دژی نەفسی خۆی دەجەنگێت و بە گەورەترین جیهادی ) لە قەڵەم داوە بۆنموونە لەم دێڕەدا،دەڵێت:

**سەربڕینی ئەممارە جیهادی ئەکبەرە**

(**شێرە تەقوا،نەفسە ڕێوی(صابری)ڕۆژی جیهاد**.(لەتیف،2009 :8)

ئەوەی جێگای باسە کوردستان بە هۆی ئەوەی مێژوویەکی پڕ تەنگ و چەڵەمەو تەنگژەی کۆمەڵایەتی هەبووە،لە زۆربەی قۆناغەکاندا ژێردەستە بووە،لە ژێر دەسڵاتی زۆرداران و دەسڵاتە ناوچەییەکاندا بووە بەتایبەتی لە سەردەمی داگیرکارانی عوسمانیدا،چەندین دیاردەی ناهەمواری بە دوای خۆیدا هێنا، بۆیە دەبینین ئەم باروودۆخە لە بەرهەمی شاعیراندا ڕەنگی داوەتەوە (صابری)ش یەکێکە لەوانە،ئەو شیعرەی کە لە بەشی دووەمدا شیکردنەوەی لە سەردەکەین بە ئاشکرا ئەو ڕەنگدانەوەیە دەبینین کە شاعیر چۆن بابەتی عەشق و سۆفیەتی و بارودۆخی کورد و داگیرکەران پێکەوە گرێدەدات،بە شێوەیەکی پراکتیکی شیکاری بۆ ئەو شیعرە دەکەین.

## بەشـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــی دووەم:

### تــەوەری یەکــەم:شـیعری(مەرحەمەت کــە یــەك نەفــەس)ی صــابری و ڕێگاکــانی شیکردنەوەی شیعرەکە:

لە درووستبوون و سازانی دەقی شیعریدا دووبنەمای سەرەکی ڕۆڵ دەبینن ئەوانیش(وشەوڕستە)ن کە بەپەیکەری دەقی شیعری دادەنرێن ،گەربمانەوێت لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی دەقی شیعری بکەین دەبێت ئەم دووبنەمایە بخەینە بەر تیشکی شیکردنەوە،(سعد،1984 :18-19) .

ئەمە جگە لەوەی بۆ شیکردنەوەی هەردەقێك کۆمەڵێك ڕێباز هەن کە پشتی پێدەبەسترێت لەشـــــــــــــــــیکردنەوەی دەقـــــــــــــــــــــــــدا،وەکو:

یەکەم:ڕێبازی وشەو واتا : -کە ڕێبازێکی ڕووکەشییە و بە ڕواڵەتی لە تێکستی وێژەی دەڕوانێت و ئەوەی بەسەر پێیی بەر گوێی خوێنەر دەکەوێت، دەبێت بە پێوانەیەك بۆ شیکردنەوەی دەقەکە،ڕەگەزەکانی ئەم پێوانەیە وشەو واتایە،لەم ڕێبازەدا باسی ئەوە دەکرێت کە ئەم تێکستە ڕوون و ڕەوانە و باشەو کەڵکیان هەیە لەڕووی وشەو واتاوە مەبەستەکەشی باشن و گوێگر چێژی لێدەبینێت ، یان بە پێچەوانەوە وشەکان گران و بێکەڵکن و مەبەستەکانیشیان نادیارن و هیچ ئاوازێك نابەخشن.

دووەم:ڕێبـــــــــــــــازی ڕووخســـــــــــــــار و نـــــــــــــــــاوەڕۆك:

کە لەلایەنی ڕوخساردا گرنگی بە ڕەگەزی ڕستەو دەربڕین وڕەگەزی داڕشتنی گشتی دەدات, بەڵام لایەنی ناوەڕۆك گرنگی بە ڕەگەزی بیرۆکەو واتاو سۆز و هەڵچوون وئەندێشەو خەیاڵ دەدات.

سێیەم:ڕێبازی یەککستن یاخود یەکدگیر:-تێکستی وێژەی وەکو بەرهەمێکی یەکدگیر سەیردەکات و شیدەکاتەوە ،بۆنموونە ئەم بەرهەمە ئاکامێکی یەك ڕەگەزییە هەرچەندە پێش لە دایکبوونی لەچەند سەرچاوەیەکەوە قەوارەکەی وەردەگرێت، شوێنەواری یەك سەرچاوەو یەك ئاکام دووپاتکردنەوە و سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە تێکستی وێژەیی لەدڵی وێژەردا ئەم سۆزو هەڵچوونە و وێژەرەکە ڕادەکێشێت بۆ بیرۆکەیەکی تایبەتی بەهۆی بەرپابوونییەوە ،پاشان پەنادەباتە بەر وشەو دەربڕین و ڕستە بە زمانی ئەندێشە و دەستدەکات بە دەربڕین لەو سۆزو هەڵچون و بیرۆکەیە،هەروەها ئەندێشـــەش وەکـــو پێکهاتەیـــەکی ســـەرەکی شیعرپێویســـتە بایـــەخی پێبـــدەین لەشـــیکردنەوەی شیعردا،ئەندێش لە ڕەخنەسازی کوردیدا بەرامبەر بە زاراوەی (خیال) ی عەرەبی و ئینگلیزی چەسپاووە، ئەندێشە دەتونین بڵێین هێزێکە لە هێزەکانی دەروونی ئادەمیزاد کە نوسەر یاخود شاعیر بە هۆیەوە دەتوانێت بە وشەو ڕستەو سۆزو هەڵچوونی لە بابەتێکدا بگەیەنێتە گوێگرو خوێنەری بەرهەمـــــــــەکانی ، چەنـــــــــد جـــــــــۆرێکی هەیـــــــــە :

ئەندێشەی داهێنراو وخوڵقێنەر:- -

لەم جۆرە ئەندێشەیەدا وێژەر وێنەی هونەری تازە دروستدەکات ،کە وەکو خۆیان بەرچاوی خوێنەر نەکەوتوون.

ئەندێشەی سادەو پێکهێنراو : -

ئەم ئەندێشەیە وێنەی هونەری هەستپێکراوی ئاشنا لەژیانی ڕۆژانەدا دووبارە دەکاتەوە/ هیچ بەرهەمێکی تازە پێشکەشناکات.

هەروەها سۆزمان هەیە کە لەشیعردا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت،بە هەمان شێوە چەندجۆرێکی هەیە (سۆزی وێژەیی)هێزێکە لە دەروونی خوێنەری وێژەدا بەهۆی خوێندنەوەی تێکستێکی وێژەیی بەرپادەبێت و پەیوەندییەکی جوانی و بیری لە نێوان خوێنەورو نوسەرەکە دروستدەکات، چەند -جۆرێکی هەیە:

إ-سۆزی ترس و ویستەمەنی کەبەرهەمەکەی ستایش و سوپاسکردنە

ب-سۆزی ترس کە ئاکامەکەی سکاڵاو لێبووردنە

ج-تورەبوون کە هەمووی گلەیی و زەرزەنشتی دەهێنێتە بەرهەم،(کامل،1983 :193)

ئەگەر بێینە سەر سۆزو ئاوازی هۆنراوە کە ناکرێت لە شیکردنەوەی هیچ شیعرێکدا لەبیری بکەین دەبینین ئەمیش چەند جۆرێکی هەیە:

1-ئاوازی هۆنراوەی دیوی دەرەوە :-کە لەکێش و سەروای هەڵبەستەکە خۆی دەنوێنێت و بەر گوێدەکەوێت. (کامل،1983 :193)،بۆیە دیلانی شاعیریش کێش و قافیە)ی بە دووبنەمای گرنگی ئاوازەیی داناوە.(دلشاد،2007،ل195)

کێش لە هەر زمانێکدا بریتییە لە چوارچێوەی گشتی دەرەوەی ئاوازی شیعرو تەواوکەری مۆسیقای شیعرە،(عەزیز،1999 : 703 )

ئەمەسەرباری ئەوەی مۆسیقا لە شیعردا ئەرکی خۆی هەیە زیاتر چێژ بەخشینە بە شیعرەکە،ئەو جۆرە چێژە لە ڕێگای هەڵبژاردنی وشەو کێش و سەرواى شیعرەکەوە دێتە کایەوە.(حوسێن،2001 :177).

2-ئاوازو هۆنراوەی ناوخۆییمان هەیە، کە لەپەیوەندی نێوانی وشەو ڕستەو دەربڕینی هەڵبەستەکە هەڵدەقوڵێت و شوێنەواری چۆنییەتی دەنگەکەی ئەم ڕەگەزە فۆرمیانەیە.

هەرسەبارەت بە ئاوازی دەرەوە، دەتوانین بڵێین لە ڕووی بایلۆجی و دەروونییەوە لێدانی دڵ و دەمارەکانی مرۆڤ بەگوێرەی چەشنی سۆزو هەڵچوون دەگۆڕێت ،ئەگەر سۆز ئاکامی ڕووداوی خۆشی و کامەرانی بوو ئەوا لێدانەکە خێراو یەك بەدووایەکدا دەبێت،بەڵام مات و غەمناك بوو لێدانەکە ست و خاو لەسەرخۆ دەبێت، جا کە سۆز بەم جۆرە جیاوازبێت هەڵبەت ئەم جیاوازییە لە ئاوازی وشە و ڕستە و دەربڕین و سۆزدا دەبێت دەرکەوێت بەمانای ئەوەی کێش و سەروای هەڵبەستی سۆزی خۆشی وکامەرانی وەکو کێش وسەروای هەڵبەستی خەم وئێش وئازار نابن، وتراوە کێشە بڕگەیەکەمان و سەروای دەنگە کۆنستانتەکان لە کێشی خۆماڵیدا بەحری کورت لە عەروزی عەرەبی بۆ سۆزی خۆشی و کامەرانی دەست دەدەن، بەڵام بۆ غەماوی کێشی بڕگەی زۆر و سەروای دەنگە بزوێنەکان و بەحری عەروزی درێژ باشتر دەگونجێن.(کامل،1983 :193 )

ئێستا ئەگەر بێینە سەر شیکردنەوەی ئەم دەقە شیعرییەی(صابری) ڕێبازی یەکدگیر بە باش دەزانین بۆ شیکردنەوەی، چونکە هەردوو ڕێبازەکەی تریشی لەخۆگرتووە، سەرەتا شیعرەکە دەنوسین پاشان دەستدەکەین بە شیکردنەوەی:-

(مەرحەمەت کە یەك نەفەس)

**ئەی مەسیحا لەب بەچاوانی نەخۆشت یەك نەفەس**

**مەرحەمەت کە وا پەرێشانم عیلاجم چوو لەدەس**

**یارەکەم مەیلی ڕەفیقی ناکەس و ئەغیار ئەکا**

**ئەی دریغا ئارزوو ناکا ببێتە یاری کەس**

**دائما کونجی دەروونم پڕ لەخاری بێگوڵە**

**قەت بەدەستی خۆمەوە نەمدی گوڵی بێخارو خەس**

**بۆ جەفاکاری هەمیشە خۆی موهەییا کردووە**

**بۆ بەجێهێنانی وەعدە موتەلقا ناکا هەوەس**

**خۆت دەزانی خۆ دەساژو بەستنی پێ ناتەوێ**

**بۆمریشك وجوجەڵە نەجاڕ ناتاشێ قەفەس**

**خۆ لەبەدبەختی شەو ڕۆژێکی خۆشیمان نەبێت**

**ڕۆژ گریانە شەو شینە لەباتی شەو چەرەس**

**کاروان دەرچوو لەشار (صابری)تۆ هەرخەوتووی**

**وادەزانم گوێت گرانە نابیستی دەنگی جەرەس**

**بێ بەڵابی حەز لەیاری و کۆمەڵێ ئەغیار ئەکەی**

**بۆگروهی خۆشەویستیت جارێکی ناکەی هەوەس**

**صابری)تەعمیری نەقشی خانومانو تابەکەی)**

**کێوی عومرو دین ئەوا هەردوو کە هێنایان هەرەس.**(صابری :86)

سەبارەت بە ناوەڕۆکی شیعرەکە وێنە و وشەو زاراوەکانی:

لەسەرباری خوێندنەوەی ئەم شیعرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شاعیر بە شێوەیەکی ڕەشبینیانە ناخی دەروونی خۆی بەرامبەر بە چەوسانەوەی و دیلی ژێر دەستی یار و خۆشەویستی دەردەبڕێت, پاشان تێکەڵ بەدیدێکی ئاینی دەکات تەنانەن شاعیرلەوپەڕی بێهێزی وگرمەی گریان و شیوەن وگیرۆدەبوونە بەدەست یاری بێ بەزەیی و بێ مەیل و هاودۆستی کەسانی خراپ و

بێگانە, ئەمە جگەلەوەی ناوەڕۆکی ئەم شیعرە وەکو جۆرێك لە سکاڵاو پاڕانـەوەش بەرامبـەر یـاری بـێ مـەیل گوزارشـت دەکـات ،نـاوەڕۆکی ئـەم شـیعرە شـیکردنەوەی واتـای ئـەم تێکسـتە پڕاوپـڕی دەربڕینێکی ڕەشبینیانەیی خۆشەویستییە، لەجێگای خۆیدایە لەگەڵ ناونیشـانەکەی گونجـاوە, چونکـە بەپێی خوێندنەوەی دەقەکە دەردەکەوێت کەپیشـاندانی وێنـەی یـاری بێبـەزەیی و نەخۆشـی شـاعیر و تێپەڕاندنی تەمەنی چاوەڕوانی یاری بێ وەفاو هەروەها دڵی بێگوڵ و پاشان وشەی دین کە هـاتووە لە دێڕی کۆتایدا ئەمە ئـەمان بـات بۆ واتایـەك کـە (صـابری) ویستویەتی لـەو ڕێگای خۆشـەویستی ئافرەتـەوە بگاتـە عەشـقێکی خـوایی و کاتێـك لۆمـەی خـۆی دەکـات و دەڵێـت:( نەقشـی خانوومـانو تابەکەی کێوی دین و عومر هەردوو هێنایان هەرەس) واتـا واز لـەو عاشقە بێمانـاو بـێ ئەنجامـە بهێنە، چونکە هەم تەمن کورتەو هەم دینەکەت لەدەستدەچێت.

لێرەدا دەبینین شاعیر کۆمەڵێك وشەی غـەیرە کوردی بـەکارهێناوە و تێکـەڵ بـە دونیـای شیعرەکەی کـردووە و قـاڵبێکی هونــەری و کوردییانــەی بەبــەردا کـردووە ،ئــەم وشــە بێگانانــە بۆخــۆی لاسایکردنەوەی ڕابـەرانی کلاسیکەو ئەگـەرچی بـەڕای ئێمـە شـاعیر دەیتـوانی لـەجێگای ئـەو وشـە بێگانانــە وشــەی کـوردی بــەکار بهێنێـت و هــەمان مەبەسـت بداتبەدەسـتەوە ،بـۆ نموونــە وشــەی (مەرحەمەت)کـە لەناونیشـانی دەقەکـەدا هـاتووە وشـەیەکی زۆر خۆش نییە لەسـەر زار دەیتـوانی وشەیەکی هاو واتـای کوردی بەرامبـەر ئـەم وشـەیە بـەکاربهێنێت وەکو (بـەزەییپێتبێ) بـەڵام ڕەنگـە شـاعیر لــەو سـەردەمەی کـە تێیـدا ژیـاوە پێویسـتی سـەردەم وای کردبێـت ئـەم جـۆرە زاراوانـە بــەکاربهێنێت لەبــەر ئــەوە ئێمــە لــەو لایەنــەوە لۆمــەی شـاعیر ناکــەین, چونکــە هــەروەك وتـراوە کەباشترین هۆنراوە ئەوەیە کە زۆرترین وشەی بێگانەی تیابێت و لەڕووی زمانەوە جۆرە کۆدێکی تیابێـت بێگومـان مەبەسـتمان سـەردەمی شیعری کلاسیکە ، ئـەو وشـانەی کـە غـەیرە کـوردین و بەکاری هێناون ئەمانەن:

(مەرحەمەت،عیلاج،ئەغیار،دریغا،موهەییا،موتەلقا،تەعمیر،نەقش)کــە ئەمانــە کۆمــەڵێك وشــەی بێگانـەن و بـەرگێکی ئەدەبیانـەی بەبـەردا بڕیووە, بـەڵام ڕەنگـە خوێنـەری ئـاسایی لـە هەنـدێك لـەو وشانە بەئاسانی تێنەگەن ,بۆنموونە وشەی ( ئەغیار )کە بۆ (ناحەز و دوژمن و بێگانـە) بـەکاردێت دەیتوانی ئەو زاراوانە لەجێگای بەکاربهێنێت، بەڵام ڕایەك هەیە سەبارەت بە بەرزی وشـەو واتـای هەردەقێك لەچنین و داڕشتنی وشەو زاراوەکان و بیرۆکەکەیدایە, بۆیە ڕەنگە شـاعیر بیتوانایـە ئـەو وشـانە بـەکار بهێنێـت ،بـەڵام هۆنراوەش لـەڕووی زمانـەوە ئـاڵۆزی و تـۆزێ تـەم ومژاوی لادانـی زمانی و لادانی لە وشەو زاراوەی زمـان و زاری نەتەوەکـە تیانـەبێت هـەرزوو لـە ئاسـۆی مێشـکی خوێنــــــــەر بــــــــەرەو ســــــــواوی دەچێــــــــت.

هێنـانی ئـەم وشـانە بۆخـۆی قـاڵبێکی ئێسـتاتیکی نـەمر بەدەقەکـە دەبەخشێت ،کـە بەڵگـەی بـە توانـای شـاعیر دەردەخـات، لەوشـەی (مریشـك و جوجەڵـە) ئەگـەر چـی وشـەکان سـادەن, بـەڵام وێنەیـەکی جوانی بەخشیوە و شوبهاندویەتی بەخۆی کە دەست و پێی بەستراوە بـەهۆی نەخۆشـی و بێدەسـڵاتی و بێزارییەوە وەکو ئەوەیە زیندان و دیلی ژێردەستە بن ،چونکە مریشك و جوجەڵە قەفەسیان ناوێت

خۆیان دیلی دەستی مرۆڤن, شاعیر دەڵێت من دەست و پێ بەستراو و نەخۆشی دەستی تۆم،کەواتا شاعیر لێرەدا زەینی خوێنەر بەرەو دنیایەکی ئەندێشەی هونەری داهێنراو دەبات.

هەروەها وشەی (قەفەس) کەدەلالەتە بۆ زیندانی شاعیرو نەمانی دین و تەمەن بەهۆی ئەو خۆشەویستییەوە دەلالەتی کەسێکە خۆی بەڕاستی لەو حاڵەتە دەروونیەدا ژیاوە, چونکە دەقێکی باڵایە لە ڕووی پیشادانی وێنەی خۆشەویستییەوە و موعاناتی شاعیرە، بۆیە سەرکەووتووبووە لە بەکار هێنانی ئەم وێنانەد

لەم دێڕەیدا دەڵێت:

**ئەی مەسیحا لەب بەچاوانی نەخۆشت یەك نەفەس**

**(مەرحەمەت کە وا پەرێشانم عیلاجم چوو لەدەس.**(صابری:87)

لەم دێڕەدا دەردەکەوێت هۆنیار گیرۆدەی کچێکی مەسیحە و عاشقی بووە بەڵام ئەو گوێی لە عاشق بوونی نەگرتووە و بێبەزەیانە ڕەفتاری کردووە، چونکە(پێی دەڵێت ئەی مەسیحا لێو لەبەر خاتری چاوی ئەم نەخۆشە یەکجار بەزەیت هەبێت ، وا پەرێشان و چاری دەردم لای تۆیە,چونکە دەڵێت چارەسەرم لەدەس چوو تۆ وەرە چارم کە.

لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**یارەکەم مەیلی ڕەفیقی ناکەس و ئەغیار ئەکا**

**ئەی دریغا ئارەزوو ناکا ببێتە یاری کەس** ،(صابری:87**)**

دووبارە لێرەدا پیشاندانی وێنەیەکی جوانە کە یارەکەی ئارەزووی خەڵکانی خراپ و بێگانەو ناکەس دەکات نایەوێت ببێتە یاری کەسێك کە بەڕاستی خۆشی دەوێت و دوورە لە بەرژەوەندی,هەروەها وشەی (ئەغیار) مەبەستی کەسانی غەیرە کوردن، چونکە کوردستان جێگای داگیرکەران بووە لەو سەردەمەدا و لێرەوە پیشاندانی وێنەیەکی ترە ئەویش دڵتەنگی شاعیرە بۆ کچێکی کورد کە ببێتە دۆستی بێگانە و کە بۆ بەرژەوەندی و لایەنی مادییە، جۆرێك لە هەڵخەڵەتاندنی تیایە لەلایەن دوژمنانی کوردەوە ،ئاە هەڵکێشانێکە بۆ ئەو خۆشەویستییەپاکەی خۆی بەرامبەری و ناپاکی ئەو دووشمنانەی کورد کە کردویانە بە یاری خۆیان.

لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**دایم کونجی دەروونم پڕ لەخاری بێ گوڵە**

**قەد بەدەستی خۆمەوە نەمدی گوڵی بێ خارو خەس،**(صابری:87)

هەموو کاتێ ناخی پڕ بووە لە بێ خۆشەویستی و دڕك ونەبینینی یارێك بە ڕاستی یار بێت و بی َزیان بێت ڕەنگە کێشانی ئەم نموونەیە هۆکارەکەی ئەو دۆڕاندنانەبێت کە لەدنیای عەشق و ئەوین بەسەری هاتووە هەمووجار هۆکارێك بووەتە هۆی لەدەستدانی یارەکەی.

لە دێڕەکانی دواتردا دەڵێت:

**بـۆ جەفاکاری هەمیشە خۆی موهەییا کردووە**

**بۆ بەجێهێنانی وەعدە موتەلقا ناکا هەوەس**

**خۆت دەزانی خۆدەساژو بەستنی پێ ناتەوێ**

**بۆ مریشك و جوجەڵە نەجاڕ ناتاشێ قەفەس** .(صابری:87)

واتا بەرامبەر جەفاکاران خۆی بێدەنگ کردووە کەچی ئارەزووی بەدیهێنانی ئەم وەعدە ناکات و شاعیر ناخی خۆی دەربڕیوە بۆمان بەوەی یارەکەی بێبەزەیی و ستەمی لێکردووە کەچی ئەمیش دەست و پێبەستراو بووە ،بەهۆی ئەوەوە دڵی زیندانی بووە, چونکە مریشك و جوجەڵە بێزیانەو ناخرێنە ناو قەفەس و ڕەنگە خۆیان دیلی ژێر دەستی مرۆڤ بن. بەڵام من دیلی ژێر دەستی یاری بێ مەیلم وشاعیر زۆر بەدبەخت بووە و هەروەکو دەڵێت:

**خۆشیم نەدیوە ڕۆژم گریانەو شەوم شینە لە جێگای شەو چەرەس** .(صابری,ل87)

وشەی (شەو چەرەس )وشەیەکی کوردی پەتییە و پیشاندانی کلتورێکی کوردەوارییە دەڵێت من شەو ڕۆژم هەر ئازار و غەمە و تێکەڵ کەس نابم بۆ شەو چەرەس, بەهۆی ئەو گیرۆدەبوونەی یارەوە.

لەدێری دواتردا دەڵێت:

**کاروان دەرچوو لەشار (کەچی تۆ هەر خەوتووی**

**وادەزانم گوێت گرانە نابیستی دەنگی جەرەس**

**بێ بەڵابی حەز لەیاری و کۆمەڵێ ئەغیار ئەکەی**

**بۆ گروهی خۆشەویستیت جارێکی ناکەی هەوەس** .(صابری:87)

لەم دێڕانەدا نیشانەیە بۆ ئەوەی کەیارەکەی شوێنی بێگانە و کەسانی خراپ کەوتووە و ئارەزووی گەمە و ڕابواردن دەکات،نەوەکو خۆشەویستی پاك ,کەدەڵێت کاروان ڕۆی (صابری) خەوتووی ڕەنگە مەبەستی داگیرکەران بێت کە بۆ ماوەیەك لە شوێنێك دەمێننەوە و داگیری دەکەن دواتر دەڕۆن وەکو کاروان سەرا ، (وشەی گوێت گرانە و نابیستی دەنگی جەرەس) نیشانەی کەسێکی

پیرو بێدەسڵات و پەکەوتەیە یاخود هیچی پێنەکراوە ناچار گوێی خۆی کەڕ کردووە ،بەڵام لەناخیدا غەمبار بووە ،هەروەها لێرەشدا تۆزێك لۆمەکردنی تیادایە کەدەلێت کاروان ڕۆی کەنیشانەیە کچەکەشیان بردبێت لەگەڵ خۆیان کەچی تۆ بێ ئاگای .

لەدێری : **بێ بەڵابی حەز لەیاری و کۆمەڵێ ئەغیار ئەکەی**

**بۆگروهی خۆشەویستیت جارێکی ناکەی هەوەس**،(صابری:87)

ئەمە ڕووکردنە خۆشەویستەکەیەتی کە ئارەزووی بێگانە دەکات ،یاخود بێگانە پەرستبووە ،نازانی ئەوانە یاریت پێدەکەن و دوژمنی تۆن،کەچی حەزت لێیەتی, بەڵام بۆ خۆشەویستی من تەنها جارێك ئارەزوو ناکەی، ئەمەش پیشاندانی وێنەیەکی بەرزی یاری بێوەفا و خراپی داگیرکەر و خەڵکانی بەرژەوەندی خوازە,هەروەها شاعیر وێنەیەکی ئێستاتیکای جوانی خستۆتە بەرچاومان لە ڕووی کێش و سەرواو سۆزو خەیاڵ و توانایەکی بێ سنوری هەبووە، کە دەتوانین بەم شێوەیە بڵێین شیعریەتی تیادایە شیعرەکە.

.

لەڕووی یەکێتی بابەت وزمانەوە:

هەم لە ڕووی زمانەوە بەرزە و هەروەها یەکێتی بابەتی تیایە, چونکە دەقەکە باسی یەك بابەت بەشێوەیەکی گشتی دەکات و پابەندی مۆسیقاو لایەنی دەروونی و بیرۆکەی دەقەکە سەرکەوتووبووە لە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتەی دەرونیدا.

دەقەکە لەسەرەتاوە تاکۆتای باسی خۆشەویستی و ئەغیارو نەخۆشی و دین دەکات ,بەڵام پەیوەندیان پێکەوە هەیە و یەکێتی بابەتی تیایە،سۆزی شاعیرەکە پێکەوەی بەستوون .

زمانی شیعری شاعیر زۆر ئاسان نییە و لادانی زمان وکۆدی تیادایە, وەکو پێشخستن وپاشخستنی بەشەکانی ڕستە ولادانی زمان و زاری نەتەوەی و بەکار هێنانی زمانی بێگانە زمانێکی باڵایە

سەبارەت بە ئاوازی هۆنراوەکە کە ئاوازی دەرەوە و ناوەوەی دەقەکەیە

لەڕووی کێش و سەرواوە :

دەبینین ئەم شاعیرە زۆر لێزانانە پابەندی کێش و سەروایە و لەبەر ئەوەی بەرهەمەکەی حاڵەتێکی ناخۆشی و غەمبارییە بۆیە کێشی (15 )برگەی بەکار هێناوە ،کە کێشێکی درێژە بۆ حاڵەتی ناخۆشی زیاتر بەکاردێت, بەپێچەوانەی حاڵەتی خۆشی کە کێشەکانی بە زۆری کورتن ،سەرواکەشی دەبینین هەر لە ناونیشانی دەقەکەوە تاوەکو کۆتای بە پیتی(سین)کۆتای هاتووە ،کۆمەڵێك وشەی بەکار هێناوە ،ماناکانیان جیایە لە یەکتری، بەڵام هەمووی بە(سین )کۆتای

هاتووە، ئەمەش بۆ خۆی مۆسیقاییەکی شیعری و ئاوازێکی تایبەتی داوەتە هۆنراوەکە،کەم کەس توانای داهێنانی ئەم وشانەی هەیە و ئەمەش بەڵگەی بەتوانای شاعیرە لە چنین و وشەو زاراوە و کردنی بەرگێگی شاعیریانە بەبەری هۆنراوەکەیدا و بەخشینی سۆزو ئاوازێکی جوان بە خوێنەر، کە سەرنج ڕادەکێشێت بۆ لای خۆی ,وەکو:

یەك نەفەس،چەرەس،جەرەس،هەوەس،هەرەس،قەفەس،خارو خەس،...هتد) ئەمانە کە سەرەوای هۆنراوەکەن جوانییەکی بەدەقەکەش بەخشیووە، جیای دەکاتەوە لە دەقێکی ئاسایی و سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، کەواتا شاعیر پابەندی کێش و سەروابووە, سەبارەت بە ئاوازی دەرەوە سەرکەوتووبووە, بەڵام زۆر ئاوازی ناوەوەی بەکار نەهێناوە ،واتا مۆسیقای ناوەکی زۆر نییە.

لەم دێڕەدا دەڵێت :

**صابری تەعمیری نەقشی خانومانو تابەکەی**

**کێوی عومرو دین ئەوا هەردوو کە هێنایان هەوەس** .(صابری,87-88)

لێرەدا شاعیر لۆمەی نەفسی خۆی دەکات و بەبێ ئومێدییەوە دەڵێت هەتاکو کەی بیر لە ڕوخسارو نەقشی ئەو خانەدان و خانومانەدەکەیتەوە، چونکە تەمەنت بەسەر چووە و واخەریکە دینیشت یاخود ئاینەکەت لەدەستدەچێت وازبهێنە لەو خۆشەویستیە ئازار بەخش و ڕەشبینانەیە.

سەبارەت بە تاقیکردنەوە شیعرییەکە:

تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینەی شاعیرەو موعاناتی ئەو ژیانەی ئەو سەردەمەیەتی و ئاهو ناڵینێکە بەدەست داگیرکەران و ستەم و زۆردارانەی، کە تەنانەت دەستیان خستۆتە ناو خۆشەویستی پاك و یارەکانیان لێکردووە .

سۆزی ئەم شیعرە:

سۆزی ئەم شیعرە سۆزێکی ژیانی ناخۆشی و ژێر دەستەیی و گیرۆدەی شاعیرە بەدەست یارەکەیەوە و بەدەست بێگانەوە,جۆرێك لەسکاڵای تیادایە بەرامبەر یارو دوژمن کە سۆزێکی ڕاستەقینەی شاعیرە, بەڵام ئاکامەکەی ڕەشبینانەیە،کە دەڵێت:

بەدەستی خۆمەوە نەمدی گوڵی بێ خارو خەس ،یارەکەم مەیلی ئەغیارو ناکەس ئەکا

یاخود بەخۆی دەڵێت :کاروان دەرچوو تۆ هەر خەوتووی ،دین و عومر هەرەسی هێنا.(صابری :87-88)

ئەمانە هەمووی نیشانەی سۆزێکی ناخۆش و دەروونێکی پڕ لەسکاڵاو بێزارو بێ ئومێد وغەمبارە .

## ئەندێشەی شیعرەکە:

سەبارەت بە ئەندێشەی هۆنراوەکە دەتوانین بڵێین زۆر داهێنراو نییە، بەڵام بۆ سەردەمی خۆی داهێنراو بووە،چونکە هەروەکو هەموو شاعیرانی تر یاری بە گوڵ شوبهاندووە ،یان وشەی (خارو خەس) یاخود (عیلاج )تاڕادەیەك وشەکانی هۆنراوەکە خاوەنی ئەندێشەیەکی سادەن، بەڵام لەوەدا داهێنەرانەیە کە ئەندێشەی یارێکی بێ وەفای تێکەڵ بە مێژوویەك کردووە کەمێژووی داگیرکردنی کوردستانە لەلایەن بێگانەوە هەروەها پەردە لادانە لەسەر خراپی داگیرکار، لەو دێڕەش کەباسی نەجارو مریشك و جوجەڵە دەکات ئەندێشەیەکی داهێنراو تازەیە،چونکە پێشتر باسی بولبول و باڵداری تر کراوە ،بەڵام ئەم شاعیرە مریشك و جوجەڵەی بەکارهێناوە ،خوێنەر پێشتر لەم وێنەیەی نەبینیوە لەشیعردا بەو شێوەیە.

## ئە نجام:

لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1_-(صابری ) خاوەن ئەندێشەیەکی فراوانە،داهێنانی کردووە لە نوسینی شیعردا،بە تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینەدا تێپەڕبووە کە موعاناتی شاعیر خۆیەتی .

2_- یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بیرکردنەوەیەکی سۆفیزمانەی هەیە،لە زۆرێك لە شیعرەکانیدا هەوڵی کوشتنی نەفسی خۆی داوە.

3_-زمانی شاعیر زمانێکی تێکەڵە لە وشەی بێگانەی وەکو فارسی عەرەبی و کوردی.

4_-لە زۆر جێگادا لە ڕووی کێش و سەرواوە ئەو کێشانەی بەکارهێناوە کە بۆ حاڵەتی ناخۆشی و غەم بەکاردێن بۆنموونە کێشی(15)بڕگەیی.

5_-شاعیرێك بووە کە هەمیشە خەمخۆر و دڵپڕئازاربووە بەرامبەر سیاسەتی خراپی داگیرکاران و دوژمنانی کورد.

6_ هەمیشە بەدوای عەشقی حەقیقی واتا عەشقی خوایدا وێڵبووە.

7_-(صابری) هەمان ڕێچکەی نالی و سالم وکوردی گرتۆتەبەر و لاسای ئەوانی کردووەتەوە.

**References:**

1-Husen,Kalary (2001),shewaz la honrawakani farhadshakalida,chapi yakam,chapkhanai yad.

2-dlshad,Ali Mahamad,(2007),dilan u taqikrdnawai sheri,chapi yakam,dazgai chapu pakhshi sardam,kurdstan,slemani.

3-Sdiq,Borakai(safi zada),(2008),mezhui uezhai kurdi,bargi duam,blaukrawai aras,chapi duam,zhmara721,hauler.

4 Aziz,Gardi,(1999),keshi sheri klasiki kurdi u baraurdkrdni lagal aruzi arabi u keshi sheri farsi,chapi ukam,chapkhanai wazarati roshnbiri,hawler.

5-Latif,faith faraj,()sabri ladu tuei chand lekolinauayakda,vistivali shaeri gaurai kurd sabri,chapi uakam,chapkhanai Kurdistan,

6-Kaml, Hasan Basir,(1983)chapi uakam,chapkhanai kori zaneari ieraq,Baghdad.

7-Hawkar, Ali Abdulkarim,(2017)shewazi sheri Sabri, namai magster,zankoi charmoo,bashi zman u adabi kurdi.

8-Shekh Najmadin,diwani sabri,chapi chuaram,chapkhanai tazhna,slemani.

9-Saed,Masluh,(1984),aslub –drasata lughauia,ahsaia- taba althani,dar alfikr alarabi,al qahira.

10-Abdul –Jabar,Shekh Abdulrahman albarznji,(2014),sira mashikh shurja,matbaa asia,taba wla,karkuk.